# بەندەکانی مافی مرۆڤ

# ئەو جاڕنامەیەی کە لە ١٠ ی دیسێمبەری ١٩٤٨ لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە

کورداندنی لە عەرەبییەوە: نادر هەرکی

**ماددەی یەکەم** : هەمووان بە ئازادی لەدایک دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافەکانیان، هەر یەکەیان عەقڵ و ویژدانیان پێ بەخشراوە و پێویستە مامەڵە بە رۆحی برایەنە، لەگەڵ یەکتر بکەن.

**ماددەی دووەم**: هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە سوود لە ئازادی و مافەکانی نێو ئەو جاڕنامەیە وەربگرێت، بەبێ هیچ جیاکارییەک، وەکو جیاکاری بەهۆی رەگەز، رەنگ،جێندەر،زمان، ئاین، رای سیاسی یاخود هەر رایەکی تر، یا بنچینەی نیشتمانی، بنچینەی کۆمەڵایەتی، سامان، لەدایکبوون، یا هەر بارێکی تر. بەبێ هەر جیاوازییەکی نێوان پیاوان و ژنان. سەرەڕای ئەوانەش نابێت هیچ جیاوازییەک بەهۆی باری سیاسی یاخود یاسایی یا نێودەوڵەتی وڵاتێک، یا ئەو شوێنەی کە تاکەکە ئینتمای بۆی هەیە. جا گەر ئەو وڵاتە یا ئەو هەرێمە سەربەخۆ بوو، یا لەژێر ویسایەتدا بوو، یان حوکمی زاتی نەبوو، یاخود سەروەرییەکەی لەژێر هەر کۆتێکدا بێت.

**ماددەی سێیەم**: هەموو تاکێک مافی ژیان و ئازادی و دڵنیایی کەسیەتی هەیە.

**ماددەی چوارەم**: نابێت هیچ کەسێک بە کۆیلە بکرێت، و بازرگانی کۆیلە و کۆیلەبازی بەهەموو جۆرێک قەدەخەیە.

**ماددەی پێنجەم**: نابێت هیچ مرۆڤێک بخرێتە ژێر ئازار و سزا و مامەڵەی توند و وەحشیگەرانە یاخود کەرامەتی بشکێنرێت.

**ماددەی شەشەم**: مرۆڤ لەهەر شوێنێک بێت، پێویستە دان بە کەسایەتی یاسایی دا بنرێت.

**ماددەی حەوتەم**: هەمووان لەبەردەم یاسا یەکسانن،مافی ئەوەشیان هەیە کە پارێزگارییان لێ بکرێت بەبێ جیاوازی،هەروەها هەموو مرۆڤەکان مافی پاراستنی یەکسانیان هەیە دژی هەر جیاکارییەک کە دژی ئەو جاڕنامەیە بێت، یا دژی هەر هاندانێک بۆ جیاکاری وەکو ئەمە.

**ماددەی هەشتەم**: بۆ هەر کەسێک هەیە کە پەنا بباتە بەر دادگاکانی نیشتمانی بۆ ئینسافکردنی لەو کارانەی کە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ئەو مافە بنچینەییانەی کە یاسا پێی بەخشیوە.

**ماددەی نۆیەم**: ناشێت هیچ مرۆڤێک دەستگیر بکرێت یا گل بدرێتەوە یاخود نەفی بکرێت، بەشێوەیەکی تەعەسوفی.

**ماددەی دەیەم**: هەموو مرۆڤێک مافی یەکسانی هەیە وەکو ئەوانی تر، کە کێشەکەی تەماشا بکرێت لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ و پاک، کە تەماشکردنێکی دادپەروەرانە و ئاشکرا بێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی ماف و ئەرکەکانی و هەر تۆمەتێکی جینائی کە ئاڕاستەی دەکرێت.

**ماددەی یانزەهەم**: ا/ هەر کەسێک تۆمەتبار بێت، بە بێ تاوان دەژمێردرێت تاکو تۆمەتبارکردنەکەی بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر دەسەلمێنرێت لە رێگای دادگاییکردنێکی ئاشکرا، کە گرەنتییە پێویستییەکانی بەرگری لەخۆکردنی تێدا فەراهەم بێت.

ب/ هیچ کەسێک تۆمەتبار نابێت، بەهۆی ئەنجامدانی کارێک یا ئەنجام نەدانی کارێک، تەنها ئەگەر ئەوە تاوان بێت لە یاسای نیشتمانی یا نێودەوڵەتی کاتی ئەنجامدانی، هەروەها نابێت سزایەکی توندتری لەسەر بسەپێنرێت لەو سزایەی کە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی